


## هێرشبەری پێشووی یانەی سلێمانی ئەحمەد سالار:

# تا یانەی سلێمانی پێویستی بە من بێت یاری بۆ هیچ یانەیەکی دیکە ناکەم



**هێرشبەری پێشووی یانەی وەرزشی سلێمانی (ئەحمەد سالار) بەیەکێک لە یاریزانە ئاست بەرزەکانی تۆپی پێی کوردستان و عێراق دادەنرێت کە لەیانەی وەرزشی سلێمانی گۆش و پەروەردەکراوە. ئەو یانەیەی کە قوتابخانەی راستەقینەی وەرزشکارانە، بەڵام ماوەی وەرزێکە لە یانەکەی دوورکەوتۆتەوە، بۆ زانینی هۆکاری ئەمەو چەند پرسێکی دیکەی ژیانی وەرزشی خۆی ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازکرد:**

**ئاوات مەحمود سەعید- سلێمانی**

*** تۆ یەکێک بوویت لە یاریزانە دیارەکانی یانەی سلێمانی بۆچی لەو یانەیە دوورکەوتیتەوە؟**

- لە خولی کوردستاندا لە یاریمان لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ هەڵەیەکم بەرامبەر بە ناوبژیوانەکە ئەنجامدا، ئەوەبوو سزا کەشیم وەرگرت و بێ بەشبووم لە یاریکردن، بەڵام ئێستاش خۆم بە یاریزانی یانەی سلێمانی ئەزانم و هەر کاتێک یانەی وەرزشی سلێمانی پێویستی بەمن بێت من کوڕی یانەی سلێمانیم.

*** پارو ئەمساڵیش بۆندت لەگەڵ هەردوویانەی پێرس و کەرکووک مۆر کرد کەیارییان بۆ بکەیت، بەڵام سەرەنجام یارییت بۆ هیچ کام لەو دوو یانەیە نەکرد بۆچی؟**

- پار وەکو خواستن چوومە پێرس، بۆ وەرزی ئەمساڵیش بۆندیشم لەگەڵ کردن و ئیمزاشم کرد بەڵام کێشەی یارییەکانی شورتەم هەبوو کەلەوێ فەرمانبەرم دەبوایە رەزامەندی جەنابی وەزیری ناوخۆم هەبوایە تا رەزامەندییەکەم بۆ کرا کە زۆر دواکەوت ئەوان چوون یاریزانێکی دیکەیان هێنا لە شوێنی من، سەبارەت بە یانەی کەرکووکیش لەگەڵ ئەوانیشدا بۆندم ئیمزا کرد و هەموو شتێکمان تەواوکرد کە باوکم زانی کە بەڕێوەبەری هاتووچۆی کەرکووکە، باوکم گوتی نابێت لە کەرکووک وەرزش بکەیت لەبەر ئەوەی وەزعی ئەمنی باش نییە لەبەر ئەوەبوو یاریم بۆ یانەی کەرکووکیش نەکرد.

*** یانەی وەرزشی هەولێر چەند جارێک هەوڵیان لەگەڵ دایت کە بچیتە یانەی هەولێر هۆی چی بوو کە نەچوویتە ئەو یانەیەوە؟**

- من لە دوای وەرزی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ کە گۆڵکاری دەوری بووم یانەکانی (زەورا و جەوییەو شورتە و هەولێر) پەیوەندییان پێوەکردم، کە یانەی وەرزشی هەولێر پەیوەندییان پێوەکردم لەبەرخاتری (کاک سەرکەوت) هەموو شتێکم خستبووە لاوە.

*** کاتێک یاریت دەکرد لەیانەی سلێمانی نێوانت لەگەڵ یاریزان (هەڵگورد مەلا محەمەد) چۆن بوو؟**

- زۆر نێوانم خۆشبوو لەگەڵ یاریزان هەڵگورددا، هەتا لە رۆژنامەی (ملاعب) پرسیارییان لە هەڵگورد کردبوو کە لەگەڵ کێ حەز بە یاری دەکەیت وتبووی لەگەڵ ئەحمەد سالار منیش بەهەمان شێوە لەگەڵ هەڵگورد زۆر حەز بەیاریکردن ئەکەم کەمن توشی پێکان بووم تەلەفۆنی بۆ (هاوار) و (قوسەی مونیر) کردبوو کە هەوڵی چارەسەرم بدەن، وە بەردەوام پەیوەندیمان هەیە.

*** حەز دەکەیت جارێکی دیکە بگەڕێیتەوە بۆ یانەی وەرزشی سلێمانی؟**

- من پێکانێکم هەیەو نەشتەرگەریم کردووەو سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەر لەم شارەدا وەرزش بکەم بۆ یانەی سلێمانی دەکەم وە زۆر حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ یانەی سلێمانی.

*** ئەی بەنیازیت بچیتە یانەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی؟**

- ئەگەر پێکانەکەم باش بێت بەڵێ، بەڵام یانەی سلێمانی پێش هەموویانە، چ کاتێک یانەی سلێمانی داوام لێ بکەن ئامادەم یارییان بۆ بکەم، چونکە یانەی سلێمانی ماڵی دووەمە، وە ئەمە هەر قسەش نییە، هەتا یانەی سلێمانی پێویستی پێم بووە یانەی سلێمانی ماڵی دووەمم بووە، بۆیە دوای یانەی سلێمانی ئامادەم یاری بۆ یانەکانی هەولێر و دهۆک و پێرس بکەم.

*** سەرۆکی یانە بەو شێوەیە رێزی لە ئێوە گرتووە، کەواتە بۆ نەدەکرا ئێوەش دووریکەوتنایەوە لە دەمارگیری؟**

- من ئەوکاتە سێیەم یاریم بوو لە پێکانەکەم گەڕابوومەوە، لەیارییەکەمان لەگەڵ سیروانی نوێدا ئەوە هەموو یاریزانەکان ئەگەر حاشای لێ نەکەن بەڕاهێنەر (ئیسماعیل محەمەد)م وت من دەرونییەن خراپم ئەم یارییە من ناتوانم یاری بکەم یەکێکی دی بخەرە شوێنی من، راهێنەر (ئیسماعیل محەمەد) کە ئەم توانایەی من یەکەم فەزڵی خوایە دووەم فەزڵی ئیسماعیل محەمەدە سێیەم ئینجا فەزڵی خۆمە، بەڵام (ئیسماعیل محەمەد) گوتی من کێ بخەمە ناوەوەو کێ گۆڵم بۆ بکات، ئەوە بوو ئەو یارییە بە خراپ بەسەرمندا شکایەوەو بەخراپ لە من تێگەیشتن.

*** تۆ ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ سەرۆکی یانەی سلێمانی چۆنە؟**

- من ئەوکاتەی کە چاوپێکەتنەکەم لەگەڵ ئەو رۆژنامەیەدا کردو هەندێک قسەم کرد دوایی پاشگەزبوومەوە لێی و داوای لێبوردنم لەسەرۆکی یانەی سلێمانی کرد ئەوکاتە لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردەی کوردستان وەرنەگیرام ئەو قسانەم کردبوو، ئەگینا کاک (سەرکەوت حەسەن) زۆر کابرایەکی بەڕێزەو وەرزشییەو زۆر زۆریشم خۆشدەوێت.

*** لەگەڵ کام لە یاریزانەکانی سلێمانی ئاسودەبوویت؟**

- لەگەڵ (ئارام محەمەد و حەسەن و نوری و هەڵگورد) زۆر موڕتاحم، بەڵام بەڕاستی دارا و مستەفا و کاروان و بورهان و کامەران زۆر یاریزانی باشن و بەهاوکاری ئەوانیش من بووم بەگۆڵکاری کوردستان

*** ئاستی ئەمڕۆی یانەی سلێمانی چۆن دەبینی؟**

- سەرەتای ئەمساڵ لە خولی عێراقدا کە یانەی سلێمانی ئاستی زۆر باش بوو بەڕاستی زۆر دڵخۆشبووم، چونکە یانەی وەرزشی سلێمانی چەندەها یاریزانی وەک ئەحمەد سالاری دروست کردووەو بەڕێکردووە، بەڵام دوای ئەوەی کە چەند یارییەکیان دۆڕاند کە هۆکارەکەی دەگێڕمەوە بۆ راهێنەرایەتی و ئیداری وە لەبەر ئەوەی کە زۆر هیلاک دەبن، چونکە لە دوو خولدا بەشداری دەکەن بەڕاستی زۆر دڵم تەنگ بوو بەو دۆڕاندنانەی یانەی سلێمانی.



أسماء الألوان / تصميم وەرزشي / الصفحة: ٧٠ / ٣١/٣/٠٩ 12:18 AM



## دەوەن حوسێن:
# بەهۆی ئاست بەرزیمەوە بۆ هەڵبژاردنی پایسکیل سواری عێراق بانگهێشت کرام

**دەوەن حوسێن ئیسماعیل یەکێکە لە خانمە وەرزشوانەکانی یاری پایسکیلسواری یانەی وەرزشی برایەتی و هەڵبژاردەی عێراق، ئەو خانمە لە ساڵی (١٩٩٠) لە دایکبووە ئێستا قوتابی قۆناغی یەکەمی کۆلیژی یاساییە، لە دیمانەیەکی رووبەڕوودا چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد:**

**دیمانە/ سەرهەنگ نەجمەدین**

*** سەرەتا چۆن دەستت بە وەرزش کرد؟**

– وەک هەر قوتابییەک لە قوتابخانە دەستم بە وەرزش کردووەو ئەنجامی باشیشمان لەسەر ئاستی قوتابخانەکان بەدەستهێناوە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦ توانیم بچمە ریز یانەی وەرزشی برایەتی لە یاری پایسکیلسواری، تا ئێستاش لە گەڵیاندا بەردەوامم.

*** بۆچی یاری پایسکیل سواریت هەڵبژارد؟**

– لە راستیدا من زۆر حەزم لە یاری پایسکیل سواری بوو، هەر بۆیە بۆ هاتنەدی حەزو ئارەزاووەکانم رووم کردە یانەی وەرزشی برایەتی کە بایەخێکی یەکجار زۆریان بە ئێمەدا تا ببینە یاریزانێک چاک و چالاک.



*** چۆن بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشانکراوی؟**

– لە ساڵی ٢٠٠٦ لە پاڵەوانیەتیەک لەسەر ئاستی عێراق بەشداریمان کرد بەناوی یانەی برایەتی و توانیمان پلەی یەکەم بەدەستبێنن، جا ئەو کاتە بەهۆی ئاست بەرزیمەوە بۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت کرام.

*** لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداریت لە هیچ پاڵەوانیەتی کردووە؟**

– بەڵێ لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداریمان لە پاڵەوانیەتی عەرەبی لە وڵاتی ئیمارات کرد و توانیمان پلەی دووەم بەدەستبێنین کە ئەو توانیم ببمە خاوەن مەدالیای زیو لەم پاڵەوانیەتییە کە ئەمساڵ لە شاری دوبەی بۆ وڵاتە عەرەبییەکان بەڕێوەچوو.

*** ئەی ئەو دەستکەوتە گرنگانەی کە لە یانەی برایەتی بەدەستتان هێناون؟**

– ساڵی (٢٠٠٧) لە پاڵەوانیەتی پایسکیل سواری عێراق لەسەر ئاستی یانەکانی توانیمان پلەی سێیەم بەدەستبێنین و ساڵی (٢٠٠٨)یش لەسەر ئاستی کوردستان پلەی چوارەمان بەدەستهێنا کە لە شاری هەولێر سازکرابوو، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٨ لەسەر ئاستی عێراق پلەی سێیەمان بەدەستهێنا کە لە شاری کەرکووک ئەنجام درا.

*** خۆشترین ساتی وەرزشیت چییە؟**

– ئەو کاتەی کە لە هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت کرام، ناخۆشترین ساتی وەرزشیم ئەو کاتەیە کە لە پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان زۆر بەکەمی بەشداری لە پاڵەوانییەتی پایسکیل سواری دەکەن.

# هاندەری ریالی یان بەرشلۆنە؟!



**محەمەد سەعید کوردە**

لەدێر زەمانەوە بۆ ئێمەی کورد وابڕاوەتەوەو هەر دەبێ سەرە بەنێک هەبێ پێوەی هەڵپەڕین و سەنگەری رکابەری و ململانێ لەیەکدی بگرین و رق و تووڕەیی خۆمان بەرامبەر یەکدی هەڵڕێژین، دیارە رکابەری و ململانێکانی نێوانمان هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن، بەڵام ئێمە تەنها باسی لایەنە وەرزشییەکە دەکەین کە خودان جەماوەرێکی زۆرە، ئەوەتا هەر جارێک ریال و بەرشلونە یارییان دەبێ من تا دەمگرێ، چونکە بەدڵنیاییەوە هەر دوای ئەنجامەکە هەوادارانی هەردوو یانەکە وەک پیشەی هەمیشەییان بەردەبنە گیانی یەکدی و بەشێوەیەکی زۆر ناشارستانی سەنگەر لەیەکدی دەگرن و ئەوەی خراپە بەیەکدی دەکەن، چییە یانەی یەکێکیان تووشی شکست هاتووە؟! پاشان من سەرم لەوە سووڕماوە بۆچی هەموو جەماوەرە وەرزشییەکە بۆ دوو جەمسەری دژ بەیەک دابەشبوونە، باشە ئەی یانەکانی دیکەی نێو گۆڕەپانە وەرزشییەکان چی بکەن و کێ هانییان بدات؟! بەڵام من پێموایە کارەکە پتر چۆتە قالبی ململانێیەکی ساردوسڕو ئەمەیان ئەو وەرزشە بەرزە نییە کە هەموو دنیا بە کاریگەرییەوە چەپڵەی بۆ دەکووتن، من لە رقی ئەو تەرزە هاندەرانەوە بەدڵەوە دەڵێم هاندەری هیچ یانە و هەڵبژاردەیەک نیم و بەیەک چاو سەیری هەموو تیپ و یانەکان دەکەم بۆ ئەوەی لەو مەسەلە دوور لە شارستانییەوە نەگلێم (ئەوەشیان رای تایبەتی خۆمە) بگرە زۆریش بەو پرسیارە قەڵس دەبم کە دەڵێن هاندەری ریالی یان بەرشلۆنە؟ بۆیە زۆر راشکاوانە دەڵێم ئەمڕۆ مەسەلەکە زیاتر بۆتە چاولێکەری و بەحیسابی چەوتی ئەمانە ئەگەر هاندەری یەکێک لەو دوو یانەیە نەبی ئەوا بای تۆزقالێک لە وەرزش نازانێ!!

نازانم ئێمەی بەناو وەرزشوان کەی دەگەینە ئەو ئاستەی کە بەشێوەیەکی شارستانی هانی ئەو یانەیە بدەین کە بە دڵەوە خۆشمان دەوێ؟!

kurda.muhamad@yahoo.com



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧١ / ٣١/٣/٠٩ / 12:18 AM




# سەلیم حەسەن لەگەڵ برۆنۆ میتسۆی ڕاهێنەر



سەلیم حەسەن یەکێکە لەوەرزشوانە دیارەکانی شاری هەولێر کەسالانێکی زۆر سەرۆکی تیپی میللی سێتاقان بووە کە لەنێو شاری هەولێر چەندین یاریزانی لێهاتووی شاری هەولێر یاری تێدا کردووە، بۆیە ئێستاش کاکە سەلیم دڵی بۆ وەرزش لێدەدات، بەڵام ئێستا لە ڕێگای میدیاکانی وەرزشییەوە موتابەعەی وەرزش دەکات، لەسەردانێکیدا بۆ دوبەی وڵاتی ئیمارات سەلیمی وەرزشوان چاوی بە برۆنۆ میتسۆی ڕاهێنەر کەوت و دوای ئەوەی خۆی پێ ناساند، ئینجا حەزی کرد وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ بگرێت، چونکە ئەم ڕاهێنەرەش ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە مەشقی هەڵبژاردەی سەنیگال و یانەکانی وڵاتانی عەرەبی و کەنداوی عەرەبی.

**ئا:عیماد قادر**



# مۆسۆفیتش دەبێ چی بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکات؟

دوابەدوای دوورخستنەوەی ڤییرای ڕاهێنەری هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق، ماوەیەک ئەرکی مەشق و ڕاهێنانی هەڵبژاردەکەیان بە رازی شنێشل بەخشی، ئێستاش لەگەڵ ڕاهێنەرێکی بۆسنی ڕێککەوتوون بەناوی جەمالەدین مۆسۆفیتش بۆ ئەوەی بتوانی ئەنجامی باش لەخولی جامی کیشوەرەکان بۆ هەڵبژاردەکە بەدەست بێنێت، بۆیە لە شەقامی وەرزشی ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئاخۆ ئەم ڕاهێنەرە تازەیە چی بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەکات؟، ئەگەر هاتوو ئەنجامێکی شایستەی بەدەست هێنا ئەوا جێ پێی خۆی قایم دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەمیش بەدەردی ڤییرا دەچێت و دەچێتە زبڵدانی مێژوووەوە، کەچی سەرچاوەیەک گوتی هێشتا بەتەواوی بۆندمان لەگەڵ ئەو ڕاهێنەرە مۆر نەکردووە.

**ئا: نەهرۆ عوسمان**

## سوپاس و پێزانین

پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی برای بەڕێزمان کاک ئومێد خۆشناو بەرپرسی ناوەندی بالآی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە بەردەوام هاوکاریمان دەکات لە پێدانی یاریگا بۆ تیپەکەمان، هیواداریین نموونەیان هەر زۆر بێت.

**تیپی گۆڤاری هەرێمی کوردستان**



أسماء الألوان / تصميم وەرزشي / الصفحة: ٧٢ / ٣١/٣/٠٩ / 12:18 AM




# ڕەنگە موئەیەد ئەلبەدری ببێتە سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق



گوتەبێژی فەرمی سەرۆکی حکومەتی عێراق فیدراڵ د.عەلی دەباغ دەڵێ: مادام یاسا ڕێگا دەدات کە هەندێک وەرزشوان لە پۆستە وەرزشییەکان و بەبێ هەڵبژاردن دابمەزرێنین، من پێم باشە موئەیەد ئەلبەدری بۆ پۆستی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق دابمەزرێنین، چونکە کەسایەتییەکی وەرزشی باڵایە لە عێراق و یەکێکە لە ڕاگەیاندکارەکان کە ساڵانێکی زۆر خزمەتی وەرزشی کردووەو ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویشی هەیە لە بوارەکەدا، بۆیە دەبێ بەهەموو لایەکمان پشتگیری لێبکەین، چونکە ئێمە دڵنیاین لەوەی سەرکەوتنی باش بەدەستەوە دەدات، لەلایەکی دیکەوە دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە کەسایەتییەکی وەک ئەلبەدری کە خاوەنی ئەو هەموو ئەزموونەیە لە یانەیەکی قەتەری فەرمانبەر بێت.

جێی ئاماژە بۆکردنیشە خودی د. عەلی دەباغیش خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لە جێگای حوسێن سەعید کاندید کردووە، ئەگەر چی زۆربەی زۆری وەرزشوانانیش دژی خۆکاندیدکردنی دەباغن و دەڵێن ئەوەیان هیچ لە بواری وەرزش نازانێ و ڕۆژێک لە ڕۆژان هیچ جۆرە وەرزشێکی نەکردووە نەک تۆپی پێ، بۆیە ڕەوای هەق نییە خۆی بخزێنێتە نێو ئەو بوارەوە.

# جوانترین ئەو گۆڵانەی کە عێراق شانازی پێوە دەکات

ژمارەیەک گۆڵی جوان و بەرچاو هەن کە هەموو وەرزشوانانی عێراق و هەوادارانی ئەو پەڕی شانازی پێوەدەکەن، بۆیە لێرەدا هەندێکیان دەخەینە بیروهزری هەموو لایەک لەوانە:

* گۆڵی یاریزان حوسێن سەعید لە هەڵبژاردەی لاوانی ئێران لە چوارچێوەی یارییەکانی لاوانی ئاسیا بوو.

* گۆڵی یاریزان عەدنان درجال لە هەڵبژاردەی کۆریای باشوور لە یارییەکانی پالاوتنی خولی ئۆڵۆمپی بوو.

* گۆڵی یاریزان کەریم سەدام لە هەڵبژاردەی ئیمارات کە لە یارییەکانی پالاوتنی جامی جیهانی بوو.

* گۆڵی یاریزان یونس مەحمود لە هەڵبژاردەی سعودیە لە یاری کۆتایی جامی ئاسیا بوو.



* گۆڵی یاریزان حارس محەمەد لە هەڵبژاردەی سوریا لە پالاوتنی هەمان پاڵەوانییەتی بوو.

ئەمانە و چەندین گۆڵی دیکە کە مێژوو شانازی پێوەدەکات.





أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧٣ / ٣١/٣/٠٩ / 12:18 AM